www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:43 5-6-2006

## زەکەریا بەناو بانگترین گۆرانی بێژی ڕۆژهەلات یان دەوڵەمەنترین گۆرانی بێژی ڕۆژ هەلات ... ئاسۆ



کورد بەدریژایی سەدەی ڕابردوو بەهەموشێوە و ڕێگا کان هەوڵی داوە دەنگی نەتەوەکەی بەجیهان بگەیەنێت، سەدان هەزار قوربانی دا تابەجیهان بلّێت نە تەوەیەك هەیە ناوی کوردەو نیشتمانێکی هەیە ناوی کوردستانە، هونەروبوارەکانی ڕۆشنبیری چەکێکی کاریگەر بون بۆ بەرەنگار بونەوەی دوژمنان. لەگەڵ بەردەوامی شۆڕش دا، نوسەران و ڕۆشنبیران و هونەر مەندانی کورد پەرەیان بە بواری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی نە تەوە کە یان داوە. دوژمنانی کوردیش پێش ئەوەی دەست بۆهەر کارێك بەرن دژی نە تەوە کەمان بیریان لەسڕینەوەی کلتورو ڕوشنبیری و فەرهەنگی کوردی کردۆتەوە هەموڕێگاو شێوازێکیان گرتە بەر خۆش بەختانەداگیر کەرانی کوردستان هەرگیز سەر کەوتوونەبون




دوای ساڵی 1991وڕاپەڕینی کورد لە باشوری کوردستان خەم خۆرانی ئەو بوارە کەوتنە گەشەپێدان وخزمەت کردنی هونەرو ڕۆشنبیری کوردیی. جێگەی داخە لەم ساڵانەی دوایدا چەند کەسانێك بە ناوی خزمەت کردنی هونەری کوردییەوە دەیا نەوێت هونەری ڕەسەنی کوردی بشێوێنن و خەونی بەدینە هاتوی دوژمنانی کورد بەدیبهێنن. زەکەریاعەبدوڵایەکێکە لەو کەسانەی کەنەی توانیوە ئیزافەیەك بۆسەر هونەری کوردی بکات لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانیەکانی زەکەریا تەنیا وشەکان کوردین جەنابیشیان لەوڵاتی سویدەوە ڕویان لەتورکیا کردوەو لە باوەشی دوژمنانی کوردا خەریکی خزمەت کردن یی فەرهەنگ و هونەری تورکن جێگەی داخە لەکوردستان ئەم گەنجە شێواوە ناوی لێنراوە هونەر مەندی گەورەی کوردو بەهەموشێوە یەك ڕاگە یاندنی حیزبە دەسەڵات دارەکان دە یانەوێت گەورەی بکەن وەك ئەوەی لە ڕۆژنامەی خە بات و کوردستانی نویو ڕۆژنامەی میدیا بە بە ناو بانگ ترین گۆرانی بێژی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست دانراوە. من کە هەواڵەکەم خوێندەوە وتم ڕەنگە هەڵەی تایپ بێت، ڕاستیەکەی ئەوە بوبێت کەدەوڵەمەنترین کەسی ڕۆژ هەلاتە نەك بەناو بانگترین هونەرمەند، بەلام کەدیتم چەند کەنالێکی دیکە هەواڵەکەیان دوبارە نوسیوەتەوە ئیتر گەیشتمە ئەو ڕایەی کە ئەم هەواڵە دەست کردەو دوورە لەڕاستیەوە. زەکەریا ماوە یەکە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باسی سەروە ت و سامانەکەی دەکرێت کە کە س نازانێت چۆن بەدەستی هیناوە ، دەیەوێت لەڕیگای ئەم هەواڵەوە خەڵکی واتێبگەیەنێت کە جەنابیان هونەرمەندێکی گەورەی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستن بەم پرو پاگەندانە خەڵکی سادەو ساکاری پێ فریو بدا ت. خوا هەڵناگرێ ڕاگە یاندنی حیزبە کانیش بە ناحەق کەوتونەتە گەورەکردنی. من لە سایتی گوگڵ دا زۆرگەڕام بەدوای ناوی زەکەر یادا نە بیتە قسەکەی کاك ئەردەلان ناوی زەکە ریام لێدا سورە تەکانی قورئانی بۆدەهێنام، من شانسێکم هەبووکە کاك ئەردەڵان نەیبو و، برادەرێکی کوردستانی تورکیا هاتو چۆی ئەو سەنتەرە دەکات کە من بۆی دەچم داوام لێکرد ناوی براهیم تاتلیس و زەکەریاعەبدولام بۆبنوسێت، بڕواتان هەبێت لەگەڵ ناوی زەکەریام بەتورکی لەگۆگڵ دا نوسی چەندین وێنەی زەکە ریای هێنا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەکەهاوشێوەی زەکەریان لەگۆرانی وتندا، ئیتر گەیشتمە ئەو ڕایەی هونەرمەندێکی کورد ئەگەر ناوی بەکوردی لەگۆگڵ دا نەیەت. چۆن دەبێت بە ناو بانگترین گورانی بێژی ڕۆژهەلات وە یان چۆن دەبێت ئەم ڕۆژنامانە بە شانازییەوە هەواڵەکە بلاو بکەنەوە مادام وێنەکەی بەتورکی لەگۆگڵ دا پەیدا دەبێت دەبوو ڕۆژنامە کانی تو رکیا شا نازی پێوە بکەن نەك خە بات و کوردستانی نوی. ئەم کاکی هونەر مەندە هەموشتە کانی تورکیە، ئەمەوێنانە هی



شوقە کانیەتی کەهەموو دیزا ینە کەی تورکیە، ئاوازی گۆرانییە کانی تورکیە، خۆگورین وریشە تەنکەکەشی تورکیە بەینی خۆمان بێت هەڵسو کەوتە کا ن و شێوەی ڕە سم گرتنەکەشی هەرتورکیەو تەقلیدی مەحسون قرمزگوڵ دەکاتەوە ناوەکە شی هەر کوردیی نیە. هونەرمەند ناسری ڕەزازی خەڵکی کوردستانی ڕۆژ هەڵاتە بە س لەکوردستانی باشوردا دا دەنیشێت لە بەر ئەوەی نیشتمانی کوردستا نە، بەڵام مامە زەکە ریا وڵاتەکەی ئازادو سەر بەستەو کە چی لە تورکیا دەژی، ئیتر چۆن دەبێت ڕۆژنامەی کوردستانی نوی و خە بات ئەم برادەرەمان لی بکەنە هونەرمەندیکی گەورەو بە ناو بانگی باش تا خەڵکی کورد شانازی پێوە بکات من دەپرسم لەورۆژنامەبەڕێزانە بو باسی حەمەی نێرگز ناکە ن کە لە شارێکی گەو رە یی وەکوسلێمانی بستێك زەوی پێرەوا نابینرێت وەك خۆی لەدیدارێکی دا بۆکوردستان نێت وتی من ئیتردواساتەکانی تەمەنی خۆم خستۆتە سەرعەرەبانەیەك و پاڵی پێوەدەنێم بەرەو فەنابون

؟ بۆ باسی هونەرمەند کەریم خەمزەیی ناکەن کە خۆی لەدیدارێکی تەلەفزیۆنی دا هاواری کرد هونەرمەند تان دیوە لە لادی پاچەکۆڵەبَکا؟

باشە بۆناپرسن بە هەزاران خێزان هەن لەبێخانەو لانەیی و هەژاریدا ژیان بەسەردەبەن کە چی زەکەریا بەدۆنم زەوی پێدەدرێت و بالەَخانەی تورکی تیادا دروست دەکات. ڕۆژێك ئەم ڕۆژنامانە نە یان پرسی مام زەکەریا (من این لك هزا) . ئایا زەکەریا ئەگەر بەڕەگەز تورك بوایە ڕیگەی پێدەدرا ئاوازی کوردی و وشەی تورکی بوایە؟ ڕیگەی پێدەدرا لەکوردستان بژی و باسی خزمەت کردنی هونەری تورکی بکردایە؟بەدڵنیاییەوە هەرگیز نا، باشە ئیتر بۆدەبێت نوسەرا ن ورۆژنامەنوسان بێدەنگ بن لە ئاست دەسە ڵات کە پارەوسامانی ئەم میللەتە دەخاتە خزمەت کە سانێکەوە کەنەك خزمەت بە هونەری کوردیی ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کارەی کە ئەوان دەیکەن خەونی لەمێژینەی دوژمنانی کورد بووە

ئەم وێنە یە دیمەنی منالێکی سلێمانیە کە لەئەو پەری هەژاری و نەداریدا ژیان بەسە ردە بات لەیەکێك لەمزگەوتەکانی سلێمانی دا پە نای بۆسوالکردن بردوە لە کاتی وێنە گرتنی دا هێندە ماندو بو بە خە بەر نە هات ئا خوّ چ خەونێکی ڕەنگالەیی ببینێت تەمەنای ئەوەم ئەکرد کە قەت بە خە بر نە یەت و ئەو ژیانە نا عەدال و سەخیفە نەبینیت

کە ژیانی هەزاران منداڵی ناسکی وەك ئەو لەبین دە بات ئەم وینە یە بۆبەردەم کامێرە نابینا کانی خە بات و کوردستانی نویّ

